# لیستێکی تری براکوژەکان

## ئارام ڕواندزی

لەم ڕۆژانە، لە سایتەکاندا لیستێک بڵاو کرایەوە کە ناوی ئەو ڕۆشنبیرانەی تێدا بوو، کە بە قەڵەمەکانیان ئاگری شەڕی براکوژییان خۆش دەکرد. ئەمە خۆی لە خۆیدا کارێکی پیرۆزە و ئەو کەسەی دەست دەداتە کارێکی وا، دەبێ چاونەترس بێ. لەڕاستیشدا کاک فازیل عومەر، کە ئەو لیستەی کردووە نیشانەی جورئەتی تێدایە. ناوی زۆر کەسی تۆمار کردووە کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بەشێکی دەسەڵات و سامانی کوردستانیان بە دەستەوەیە، وەک نەوشێروان مستەفا و مەلا بەختیار و فازیل میرانی و منداڵەکانی نووری شاوێسی ڕەحمەتی و ئەوانی تر. بەلای منەوە عیبرەت لەوەدا نییە ئەوانە ئاشکرا بکرێن، چونکە ئاشکران و هەموو نەتەوەی کورد دەیان ناسێ. عیبرەت لەوەدایە کە ئەوانە ئەمڕۆ نەدەبوایە لەسەر کورسیی دەسەڵات بن، بەڵکو دەبوایە وەک سەددام لە ناو قەفەزی تاوانباراندابانایە.

سەرەنجەکەی ترم ئەوەیە، بۆچی ناوی گەورە براکوژانی تێدا نییە؟ مەبەستم ئەوانەیە کە لاوی کوردیان بۆ قەسابخانەی شەڕی خۆتڕێن ڕادەپێچا! ئەدی مام جەلال نەفیر عامی لێ نەدا؟ ئەدی مەسعوود بارزانی نەبوو بە ئامان و زەمانی خوا دانەدەسەکنا و ئامادە نەبوو تەوقە لەگەڵ تالەبانیدا بکا؟ من بووم لە 31 ئابدا لەشکری بەعسم داباراندە سەر هەولێر؟ ئەدی ئەو جووتە کەڵەگایە نەبوون بە هاریکاریی تورکیا و ئیران و عیراق کوردیان بە دەستی کورد بە کوشت دەدا؟ ئەدی کوا ناویان؟ ئەوان نەبوون ساڵەهای ساڵ ئەورووپا و ئەمریکاش نەیدەتوانی ئاشتیان بکاتەوە؟ ئەوان خۆیان سەرلەشکری ڕۆژنامەنووسە خوێڕییەکان نەبوون؟ کوانێ ناویان؟ کوا ناوی نێچیروان بارزانی کە سەرۆکی لاحوکومەتێکی براکوژ بووە؟ کوا ناوی مەسروور و مەنسوور و وەجیە بارزانی، کە لە ساڵانی شەڕی براکوژیدا هەر یەکە پۆستەکی عەسکەری یا ئاسایشی هەبووە؟

لە ڕۆشنبیرانیش، بۆ دەبێ ناوی شاعیری رەسمیی براکوژی تێدا نەبێ؟ کێ "شەهیدان" ی براکوژیی دەلاواندەوە و شەڕی گەرم دەکرد؟ کێ یەکەم دوکانی ڕۆشنبیریی بۆ خزمەتی دەسەڵاتی کوردکوژ کردەوە؟ کێ رۆشنبیرانی فێری وەرگرتنی بەرتیل کرد لە دەسەڵات؟

مامۆستا شێرکۆ بێکەسی شاعیر نەبوو؟ ئەی کوا ناوی ئەو؟ کوا ناوی دکتۆر عیززەددین مستەفا رەسووڵ، کە هۆڵی پەرلەمانی بەجێهێشت و بەدوو پارەوپوولی مامەی براکوژ کەوت؟ کوا ناوی سامی شۆرش کە سەرنووسەری پیسترین رۆژنامە بوو بە زمانی عەرەبی (المنار الكردي) و خەلکی کوردستانی هان دەدا کە پارتی و ماڵی بارزانی تەفروتونا بکەن؟ کوا ناوی کەمال میراودەلی کە سەرنووسەری مانگانەی (هەتاو) بوو لە لەندەن و خۆی دابووە پاڵ یەکێتی و (پ ک ک) و داوای قەڵاچۆکردنی ماڵی بارزانیی دەکرد؟ چما کەسانی وەک کەمال میراودەلی و ناسری ڕەزازی و حوسێن ڕەهبەر و زۆری تر، کە مێوانی هەمیشەیی تەلەفزیۆنەکەی (پ ک ک ) بوون، کەمیان کرد؟ مەهاباد قەرەداخی، لە تێڤێیەکەی (پ ک ک) کەمی بە بنەماڵەی بارزانی کرد؟ کوا ناویان؟ کێ لە ساڵانی براکوژیدا وەزیری ڕۆشنبیری بوو و لەشکری ڕۆژنامەنووسە چڵکاوخۆرەکانی ئامادە وتەیار دەکرد بۆ تێکبەردانی هەژارانی کوردستان، فەلەکەددین کاکەیی نەبوو؟! بێ ئافەرین و پارەی بندەستی فەلەکی قسەزل کێ دەیتوانی قەڵەم بە کاغەزدا بێنێ؟!

هیوادارم لیستێکی تر بڵاو بکرێتەوە، ئەمجارە تایبەت بێ بە گەورەبراکوژەکان.